The Center of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendi Helebce
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

## داوای عەلاوی بۆ ئازادکردنی سوڵتان هاشم بەتووندی ڕیسوا دەکەین

بەپێی هەواڵەکان ئەیاد عەلاوی کۆنە بەعسی و سەرۆکی ڕابردووی کاتی ئێراق، داوای کردووە ئەنفالچی سوڵتان هاشم ئازاد بکرێت. بەپێی تێگەیشتنی سادیستانەی ئەو گوایە ناوبراو تاوانبار نییە.
سوڵتان هاشم یەکێ لە تاوانبارە سەرەکیەکانە و وەکو سەرۆکی فەیلەقی یەکی سوپای ئێراق سەرکردایەتی چەند قۆناغێکی شاڵاوەکانی ئەنفالی کردووە، ئەو خۆیشی لە دادگادا ئەوەی سەڵماندووە. گومان لە بەشداریی ناوبراو لە ژینۆسایدی ئەنفالدا نییە، بۆیە سوڵتان هاشمی ئەنفالچی شایانی تووندترین و ڕەواترین سزایە.

ناوەندی چاک بە توندی ئەو داواکارییەی ئەیاد عەلاوی ڕیسوا دەکات، بۆیەش بە پێویستی دەزانێت کەوا کۆمەڵگەی کوردی لەم داوا بەعسیانەیە بێدەنگ نەبن، ڕیسوای عەلاوی و نمونەی ئەو بکەن.

**ناوەندی چاک**
10/03/2007